# خير نساء الجنة مريم بنت عمران وخديجة بنت خويلد

ئا: هەڵاڵە محەمەد........................................



**پلەو پایەی خاتوو خەدیجە لەمێژوودا:**

ماڵی خاتوو خەدیجە یەکەم جێگە بوو کەڕووناک بوویەوە بەنوری پێشەوایەتی و نبووەت، چونکە لەئامێزی ئەودا بوو ئەوماڵەی کەنەدیوارو نەپایەو نەکەلوپەلی ناوی دڵ ڕفێن بوو، ئەوەندەی کەیبانوەکەی ئارامی بەخش‌ودڵفراوان‌وبەفام بوو، خەدیجە بە سیفەتی ئەو گەورەیی و شانازیەی کە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆی نوسرا بوو ئەویش (یەکەم) دایکی ئیماندارانە و(یە کەم) سەکەن بوو بۆ پێغەمبەری ئەمین.

(یەکەم) کەس بووە قورئان‌و وەحی لە دەمی پیرۆزی پێغەمبەر بیستووەو وەریگرتووە، (یەکەم) ژن بووە ...کە ئیمان‌و باوەڕی هێناوەو محەمەدی بە نێرراوی خوای پەروەردگار زانیوە.

(یەکەم) کەس بوو یارمەتیدەرو کۆمەکی مادی ومەعنەوی پەیامی ئیسلام‌و پێغەمبەری کردووە .(یەکەم) خێزانی پێخەمبەر بووە کە منداڵی لێبووە کەچوار کچ و دوو کوڕ بووە.

(یەکەم) کەس بووە ماڵ‌و گیانی بەخشیووە لە پێناو بانگەوازی ئیسلام‌و ڕێگەی خوادا.

(یەکەم) کەس بووە کە ئارامی گرتووە لە سەر نارەحەتی و ئێشوئازار، هەروەها (یەکەم) کەسە لە ئومەتی پێغەمبەر کە مژدەی بە بەهەشتی پر نازو نیعمەتی پەروەردگاری پێدراوە، ئەم خاتوونە ئەوەندە شانازی و گەورەی بۆ خۆی تۆمارکردوە ئەو تەمەنەی کە سەرداری پێغەمبەران لە گەڵیا ژیاوە، هە رگیز لە یادی نەکردوە، لەژیانیدا بەردەوام وەفی ئەم خاتوونەی کردووە هەتا ئەوکاتەی دەگەرێتەوە بۆ لای پە روەردگاری، بە هۆی بەردەوامی باسی خەدیجە لە لایەن پێغەمبەرەوە، خاتوو عائیشە نارەحەت دەبێت وغیرەدەیگریت‌وبە پێغە مبەر دەڵێت: خوای گەورە لەو باشتری پێبەخشیویت!

پێغەمبەریش دەفەرموێت: (والله ما أبدلنى ألله خيرا منها، قد أمنت بى إذ كفر بى الناس، وصدقتنى إذ كذبنى الناس وواستنى بمالها إذ حرمنى الناس ورزقنى الله أولادها و حرمنى أولاد الناس).

یان لەجێگەیەکی تردا فەرموویەتی: (هەرکەس خەدیجەی خۆش بوێت لای منیش خۆشەویستە)، بیستو پێنج ساڵ لەپێش و لەپاش پێغەمبەرایەتی محەمەد (درودی خوای لێبێت) ئەم خاتوونە لەگەڵ پێغەمبەردا ژیاوە، بۆیەک چرکە ساتیش ڕووی گرژو مۆنی لەژیانی هاوسەریدا دەرنەبڕیووە! یان گریو نارەحەتی لەمامەڵەو کرداردا لێ نەبینراوە، کەواتە سەرجەم ڕۆژەکان‌و ساتە وەختەکانی بیستو پێنج ساڵ تەمەن و هەموو گیان‌و بوونی پێشکەش (محەمەد)ی هاوسەرو پێغەمبەر کردوە.

**وەفاتی خاتوو خەدیجە**

ڕووناکی بنەماڵەی (بنی هاشم) دەگیرساو پرشنگی دەدا هەتا ئەو کاتەی خۆری ژیانی خاتوو خەدیجە ڕێگەی ئاوابوونی پێدرا.. بەم ڕوداوە دڵی پێغەمبەر (د.خ) تووشی ئازارو ئێش بوو، چونکە ئەو ساڵە دوای کۆتایی هاتنی ئابلۆقەی پێغەمبەرو موسڵمانان لەدۆڵی ئەبی تالب‌و ساڵی ماتەمینی بوو.

پێغەمبەر فرمێسکی دەڕشت بۆ لەدەستدانی ئەبوتالبی مامی، چونکە ئەبوتالب پاڵپشتو کۆمەکی پێغەمبەر بوو لەبەرامبەر ئەو ئەزیەتو خراپەی کە قوڕەیش دەیانکرد، بەمردنی ئەبوتالب قوڕەیش وتیان تازە محەمەد پشتیوانی نەماوە، ئیتر ئێمە نایەڵین ئەم کارەی درێژە پێبدات، بەم هەڵوێستەی قوڕەیش پێغەمبەر زۆر نیگەران بوو، بەڵام نیگەرانیەکی تر لەو کاتەدا ڕووبەڕووی پێغەمبەر بوویەوە ئەویش خەفەتی خاتوونی ماڵی بوو، هاوڕێو پشتیوانی ڕێبازەکەی بوو، (خەدیجە) لەناو جێگەدا کەوت لەگەڵ ئازارەکانی ڕۆژگاری ئابلۆقەو نەخۆشکەوتنی‌و پووکانەوەی جوانی‌و گەشاوەیی‌و زیادبوونی ئازارەکانی‌و چون بەساڵادا، ڕۆژبەڕۆژ لەجێگەدا وەک بەفری سپی دەتوایەوەو لەکۆتای تەمەن نزیک دەبوویەوە، بۆ پێغەمبەر (د.خ) نارەحەت ترین‌و قورسترین بارودۆخ بوو، چونکە لەڕابردودا کاتێک لەدەرەوە ئەزیەت دەدرا یان ڕوبەڕووی دۆخێک ببوایەتەوە کەدەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە هەستی بەئاسودەیی‌و ئارامی‌و خەندەی فریشتە ئاسای خاتونی دەکرد، بەڵام ئێستا لەدەرەوە دەگەڕێتەوە بە بارێکی گەورە لەخەفەت، خاتوونی ماڵیشی لەسەر جێگە کەوتووە، بۆیە هیلاکیەکەی زیادی دەکرد...

خەدیجە (خوای لێ ڕازی بێت) کانگای ئارامی‌و خۆشەویستی‌و ئومێدبەخش بوو، ئیتر چی ئاوی دڵی شکاوی پێغەمبەر بدات لەم کاتەدا، ئەوە خەدیجەیە لە ڕێگەدایە دونیا بە جێ دەهێڵێت خۆشەویستەکەی کە جوانترین‌و مەزنترین جێگەی هەبووە لەدڵیا بەجێ دەهێڵێت، نەخۆشی مۆڵەتی نەدا، لاشەی بەرگەی ئەو قورسیەی نەگرتو وفەرمانی پەروەردگار هاتوو خەدیجەی (عاقڵ‌و دیندارو ئارامبەخش) لەتەمەنی ٦٥ساڵیدا بەکۆمەڵێک لەکردەوەی جوان‌و کەشکۆڵێکی لێوانلێو لەئەمەکو خۆشەویستی‌و قوربانیدان، کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەدڵی پێغەمبەری ئازیزدا حەسرەتو ئازاری جێهێشت.

ئەبوتالب مرد، کەمایەی بێتاقەتی‌ودڵتەنگی پێغەمبەر بوو، بەڵام خەدیجەشی بەسەردا هات، هەربۆیە پێغەمبەری ئازیز ئەوساڵەی ناونا (عام الحزن) ساڵی ماتەمینی‌و خەمباری.

لەخەدیجەدا هەموو شتێکی جوان بەدی دەکرا، چونکە ئازارەکانی لەسەر پێغەمبەر سوک دەکرد، ئەزیەتو ژانی قوڕەیشیەکانی لادەبرد، دڵی دەدایەوەو بەهێزی دەکردو دەیوت: تۆکەسێکی زۆر جیاوازی، چونکە دەستپاکی، ئاگات لە هەژارەو یارمەتیدەری بێ دەسەڵاتی‌و چاودێری بێ باوکی و سیلەی ڕەحم دەپارێزێتو....هتد.

مژدەی دەدایە بە ڕازی بوون‌و ڕەحمەتی پەروەردگار، لەکاتی ڕووداوەکاندا گوێ‌و چاوو دڵ‌و لاشەی دەکردە بیسەرو بینەر، ..لەبریا بەیەکجار بەخۆشەویستی‌و سۆزو دڵدانەوە پێغەمبەری ئاسودەباران‌ودڵقایم دەکرد، لەگەیاندنی بانگەوازدا، دەستی لەناو دەستی بوو بێ هیلاکی‌و بێ بچڕان..

**پێغەمبەری ئازیز ماڵئاوایی لەهاوسەری خۆشەویستی کرد، لەساڵی ١٠می پێغەمبەرایەتی‌و لە ١٠مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا:** پێغەمبەر خەدیجەی ئەسپەردە کرد لە (کێوی حجون)و، دابەزیە گۆڕەکەی‌و لەکاتی ماڵئاوایی‌و سەیرکردنی کۆتاییدا، فەرمووی پەروەردگار مژدەی ماڵێکی جوانی لەبەهەشتدا پێداوی دەک پیرۆزت بێت خاتوونی گەورەی خاتوونەکانی سەرزەوی.. بەهەشت جێگەو مەنزڵە بۆ ئەوانەی هەوڵ‌و کۆشش لەپێناوی ئاشتی‌و ئاسودەیی مرۆڤایەتی دەدەن..

پێغەمبەر لەدوا ساتی ماڵئاوایی خاتوونی ماڵیدا بەدڵێکی گەرم‌وچاوی پڕ ئەسرینەوە فەرمووی: (خير نساو الجنه مريم ابنه عمران و خديجه بنت خويلد).

سڵاو لەوکاتەی لەدایکبوویت لەو کاتەی بوویتە هاوسەری گەورەترین‌و ڕێزدارترین مرۆڤی سەر زەوی، سڵاو لەو کاتەی کۆچت کردو سڵاو لەوکاتەی لەگەڵ پێغەمبەران‌و پیاوچاکان‌و سەرداری پێغەمبەران زیندودەکرێیتەوە.(خوات لێ ڕازی بێت)

سەرچاوە: خەدیجە بن خوەیلد- محمد علی قطب

---

# عادیلە خانم باخی گشتی هەڵەبجە ئاوەداندەکاتەوە

ئا: دڵنیا جەعفەر عەلی ..................................

باخی گشتی هەڵەبجەی شەهید یەکێکە لەو شوێنە گشتی‌و گرنگو جوانانەی کە دیمەنێکی جوان‌و ڕازاوەی بەخشیوەتە شاری هەڵەبجەی شەهید، هەرچەند لە ساڵانی ڕابردودا ئەم باخە فەرامۆش کرابوو، بەڵام لەم دواییانەدا ئاوڕێکی باشی لێ درایەوەو خزمەتگوزاریەکی باشی بۆ کراوە، ئەم باخە جوانییەکی باشی بەخشیوەتە شارەکەو زۆرێک لەهاوڵاتیانی ئەم شارە بەتایبەت لاوان بۆ بەسەربردنی کاتەکانی پشوویان، سەردانی ئەم شوێنە دەکەن‌و تا درەنگانێکی ئێواران لەوێدا دەمێننەوە.

یەکێک لە دیمەنانەی کە ئەم شوێنەی جوانتر کردووە پەیکەری کەڵە ژنی کورد (عادیلەخانی خانمی وەسمان پاشای جاف)ە، کە هەر لە دەروازەکەی باخی گشتییەوە داخڵی ئەم شوێنە دەبیت ئەم پەیکەرەت بەرچاو دەکەوێت، کە ئەمەش ڕەمزە بۆ شەهامەتو لێهاتوویی ئافرەتی کورد، بەتایبەت شێرە ژنێکی وەک عادیلەخان.

عادیلە خانم کچی عبدلقادری ساحیبقەرانیەو ساڵی (١٨٥٩)ی زایینی لەدایکبووە، خێزانی وەسمان پاشای جافە، دایکی ئەحمەدبەگو تایەربەگی جافە، دوای مردنی وەسمان پاشا ساڵی (١٩٠٩) دەستەڵاتداریێتی عێلی جافی دەکەوێتە دەستو وەک ژنیکی سیاسەتمەدار ڕۆڵێکی گرنگی سیاسی لەپێناو پاراستنی عێلی جافدا بینیوە، لە تەمەنی (٦٠)ساڵیدا نازناوی "خان بەهادوری" بەریتانی پێدەبەخشرێت وەکو ڕەمزی ئازایەتی. ئەم خانمە پلەو پایەیەکی گەورەی هەبووە، لەژیانی وەسمان پاشاشدا هەیبەتو سە ڵتەنەیەکی سەیری هەبووەو وەک دەگێڕنەوە کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبووەو ڕێزی لە میوان زۆر گرتووەو دڵ‌و دەروونی زۆر باش بووە، یارمەتی هەژارانی زۆر داوە، بەردەوام هاوکاری کردوون، لە لایەکی ترەوە دەستی هەبووە لە خزمەتکردنی فەقێ‌و مەلاو ئەهلی دین‌و مزگەوتەکانداو هەر لەو شارەدا مزگەوتێک بە ناوی خانمەوە دروست دەکات، کە تائێستاش ئەو مزگەوتە لە هەڵەبجەدا بوونی هەیە.

ناوبراو کەسایەتییەکی زۆر بەهێزی هەبووە بەتایبەت لە ناو خەڵکدا، ئەم شێرە ژنە لە ساڵی (١٩٢٤)ی زایینی کۆچی دوایی دەکاتو لەگۆڕستانی عەبابەیلی نزیک شاری هەڵەبجە بەخاک دەسپێرێت. لە ماوەی ڕابردوودا هونەرمەندێکی پەیکەرتاش هەستا بە دروستکردنی پەیکەرێک بۆ ئەم شێرە ژنە ناودارەی گەلی کوردو باخی گشتی هەڵەبجەی شەهیدی پێ ئاوەدان کردەوە، ئێمەش وەک ڕێز لێنانێک لەو ژنە ناودارەو مێژووی ناوچەکەمان‌و هەروەها وەک دەستخۆشی‌و ڕێزێکیش بۆ ئەو هونەرمەندە پەیکەر تاشە، بە پێویستمان زانی دیدارێک لە گەڵ ئەو بەڕێزەدا ساز بکەین:



هونەرمەندی پەیکەرتاش ناوی "زاهیرسدیق"ەو دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانیە، بەڵام پسپۆڕی کاری پەیکەرسازییە، لە دوای ڕاپەرینەکەوە تا ئەمێستاکە لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردوستاندا چەندین پەیکەری دروستکردوە. لەوەڵامی ئەم پرسیارەماندا کە: ئایا دروستکردنی ئەم پەیکەرە پێشنیازی کێ بوو؟ بەرێزی وتی: "دروستکردنی ئەم پەیکەرە پێشنیازێکی خاتوو "کوێستان ئەکرەم" جێگری سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بوو کەئاراستەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کردبوو، بەرێزەوە ئەوانیش منیان ڕاسپارد بۆ دروستکردنی ئەم پەیکەرەو بەڕاستی منیش زۆرم پێخۆشبوو کە باکگراوندی کەسایەتییەکی وەک "عادیلەخانم" بۆ خۆم ببەم‌و پێم خۆش بوو کارێک بۆ ئەو کەسایەتییە بەرزە بکەم کە بەڕاستی ئەمە نیشاندانی تواناو لێهاتوویی‌و شەهامەتی ئەو ئافرەتە دەردەخات کە ئەو کاتە دەستەڵاتێکی باڵای هەبووە لە ناوچەی شارەزووردا، کە ئەو کاتە هیچ ئافرەتێکی دیکە تەنانەت لە وڵاتەکانی تردا نەبووە بەو شێوەیە خاوەنی دەستەڵات بێتو دەوری گرنگ لە کۆمەڵگەدا بینیبێت، هەروەها دەری دەخات کە ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواری ئێمەدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە، کە ئەمە بۆ خۆی نیشاندانی تواناو دەستەڵاتی ئافرەتی کوردە، بەڵی بە خۆشحاڵیەوە نزیکی چوار تا پێنچ مانگ کارەکەم کۆتایی پێهێناو بڕی تێچووەکەشی ((٢٥,٠٠٠,٠٠٠)) دینارە، هەر چەندە هێشتا بڕێکی ماوە، کە تا ئێستا وەرنەگیراوە، هەوڵمداوە جوانترین شت وەک بەهای هونەری تێدا بەکار بهێنم، دواجار داواکاریم لە تەواوی هاوڵاتیان ئەوەیە کە ئەو پەیکەرانەی لە تەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردوستانی ئازیزماندا دروستکراون بە جوانترین شێوە بیانپارێزن، کە بەڕاستی ئەرکی سەرشانی هەر تاکێکە نەک تەنها شارەوانی، چونکە ئەو کەسایەتییانە بەڕاستی جێگەی ڕێزو تەقدیرن‌و پێویستە هەموو کەس بەموڵکی خۆی بزانێتو بیپارێزێت".

* تێبینی: بۆ ژیانی عادیلەخانم سود لە کتێبی "لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە"ی بەکر حەمەسدیق عارف وەرگیراوە.

---

# (٤٤٪)ی حاجیانی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان ئافرەتن

بەشێکی زۆر لەحاجیانی ئەمساڵی هەرێم ئافرەتن، بۆیە وەزارەتی ئەوقاف بریاریداوە چەند فەرمانبەر و مورشدێکی ئاینی ژن لەگەڵ حاجیانی هەرێم بۆ سعودیە رەوانە بکات تا هاوکاری ئیداری و شەرعی حاجیە ژنەکان بکەن"

سەلاح شێخ فەتاح نەقشبەندی بەرێوەبەری گشتی حەجو عومرە لەوەزارەتی ئەوقاف لەمبارەیەوە گوتی: لەسەفەری حەجی ئەمساڵدا ژنان و ئافرەتان رێژەی (٤٤٪) ی حاجیانی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان پێکدێنن‌و بۆ رەچاوکردنی ئەم رێژەیە ئەمساڵ وەزارەتی ئەوقاف (١٠) ئافرەت وەک مورشید و فەرمانبەری کارگێری لەسەر ئەرکی بەرێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە رەوانەی عەرەبستانی سعودیە دەکاتو لەساڵانی رابردوش (٢٠)ئافرەت بۆ هەمان مەبەست لەسەر ئەرکی وەزارەت رەوانەی سعودیەکراون".

شایانی باسە ژمارەی حاجیانی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان ٤٥٠٠کەسەو بڕیارە لەسەرەتای مانگی ١١ی ئەمساڵ بەرەو عەرەبستانی سعودیە بەرێبکەون.

